www.kurdistannet.org
25/06/2002 02:50

# منی مەستو و دوایین شەقام

خاتیرەشیعر

جوتیار

ئەو سەرسامیە
لە سپێدەیەکی رەنگ کوژراو دا
لە خۆیم لول دەداتوو
دەمگەیێنێت بە کامەرانی ئەو شەقامەی
کە خەونی ئێمە لە سارایەک پر لە تەنهایی
جێ دێلێتوو
دەمانبەخشێ بە جوانیەک پراو پر
لەو ئەستێرانەی کە لە دلی ئێمەدا بە خەوتویی
بۆ ناو شوشە بەندی ئەو ئاپارتمانانە دزران....
ئێرە.. ***شەقامی وێستگەیە*** ..*
جوانیەک لە خودا , بالآیەک لە سیحر, پێکەنینێک
لە کاغەز, دێتوو
عەسری چاوەکانت بێ ئاگا لە خۆت دەرفێنێ,
بێ ئەوەی هەست بکەی
هەنگاوەکانت دەستەمۆ دەکاتو سەرنجەکانت
لە بەردەم ئەو ئاپۆرایەی.. ***پارادێ پلاتس*** *دا
لەنگەر دەگرن
من ئیدی دێم و شەر لەگەل
هەموو ئەو جوانیە بێزەوەرەدا
دەکەم کە بۆنی
رەنجی تەنها هەژارێکی لێنیشتوە...
هەژارێک !!.. نا نا
جیهانێک لە هەژاری ....
هێواش هێواش بەسەر ئێسکو پرسکی ئەو

کرێکارانەدا دێمودەچم کە زەمەنێکە  لە ژێر ئەو جوانیەدا  بو ون بە  خشتەی هەلچندراو لە ***زێر***
,
ئاااااااااایییی  کە دلگیرە
ئەو هەموو کیژو و کورە  خۆشبەختانە
کە لەگەل زەردە خەنەکانی  ئەو پیرە مێژوەدا
شاگەشکە دەبن..
لەو کاتەدا گەرکمە پێیان بلێم
وەرن سەیری  ئەو مالە مینارێزەکەن  بزانن
چۆن بوکەشوشەکانی
 لە خۆشیدا هێناوەتە سەما,
وەرن بروانن , چۆن ئەو سەما کەرانە
 لە گەردیلەی  خوێنی دەنکە هەنارەکاندا  قەشەنگترین
ملوانکەیان دروست کردووەو دەیانەوێ
بە گردنی  ئەو شەقامەوە هەلیواسن ..
تاوێک دەرۆم .. ئەوەش  پێشانگای  کاتژمێرەکان,
ئەلالالالالالالالالالالالە  سەیری سەیری
تەنها چەند گرامێکە ...
 ئەو کاتژمێرە  دەبێ چیبێ؟!
ئاخر هێشتا نەتبینیوە , تەختی ژێر چرکە ژمێرەکەی
ئەلماسە  .. ئەی نازانی؟
ئەلماااااااااااااسسسس ..
راست دەکەی ... هەرچەند  پر بەهاشە..
بەلام هێشتا  سێسەد هەزار دۆلار....
 پیرۆزە خاتونەکەم.......
ئەوە گفتوگۆی نێوان ژن و مێردێکی
 بە سالاچو بو کە لە بەردەم  شوشەبەندی  ئەو بازارەدا
وەستابوون..
من  بە ناوە راستی شەقامەکەدا  دەمەویست بالبگرمو
لەو تراژیدیا جوانەدا هەناسەکانم ئازاد کەم..
کەچی  لە پر دەنگێک دەیگووت  ئەگەر بفری , مالەکەت
لە زەوی دا  دەدۆرێنی , مەرۆ.. ئێرە ئەو شوێنەیە کە فەلەکی تۆی  تێدا خنکاوە..
چەند هەنگاوێکی تر , پێشانگای پۆشاکی
خانمە خێر لەخۆنەدیوەکان ؛ بالات لە پرشنگی  ئەو پولەکەو رەنگانە دا  نوقم دەکەن
کە لە ئێوارەیەکی  برسی  مندالانی  ئەفریکادا

دەتوانی بیکەیە  چەندەها ژەم,
ئەوکاتەی کە دەتهەوێ  بەدیار  بالای ئەو کۆشکانەدا
دا بمێنی  کە ئەو بەرو ئەمبەری  شەقامەکە  پێک دەهێنن,
بێ ئیرادە  دەتوانی بگری
بێهۆش  دەتوانی  رێبکەی
لە جیات ئەوەی لە سەر قاچ برۆی
حەز دەکەی  لە سەر سەر بە هەلپەوە
هەنگاو بنێی
بۆ ؟    تاکو ترۆپکی کۆشکەکان لە سیحری خۆیان بێبەشت  نەکەن, چونکە مرۆڤ ناتوانێ  بە ئاراستەی
ئەو  هەموو  بەرزیەدا  شەر بۆ بینین بکا..
ئەو هەموو  ئینسانە خەریکی چین ؟!
خۆ هێشتا  شەری  بازارو ئەوان  لە گەرمبووندایە,
ئەها  ئەوەتا  ... ئەوە کچی  ***شای ئەردەنە***
ئەوەتا ***هیلاری*** لێرەوە  رەتبوو  بەرەو پێشانگای
گەوهەرەکان.....
ئەرێ بە راست ئەوە  بنەماڵەی کام ***شێخی*** قیامەتی نەوتە..
ئێکسکیوزە ... خەریکبوو کەلەکەی  ئەو کچە ***یابانیە*** بشکێنم, خۆ هێشتا هەر پێدەکەنێ و
کامیرەکەشی  بە
چاوەوەیە ... زەردەخەنەیەک دایگرتمو زۆرم پێ سەیر بوو کە دەیهەویست وێنەی ئەو
شارستانیەتە هەڵچندراوە بخاتە مێژووەوە..

ئەرێ بەراست ئەوە(***کەر***) بوونە یان ***مەست*** بوون..؟!
سەیری سەیری.. ***کوفی ئەنان*** بە نیازە پێلاو بکرێ..
ئەرێ  بەراست ئەوە ***ئارنۆلدی هولیۆدە*** لێرە!؟
لەبەردەم ئەو ***ماگدۆنالدزەدا*** سەندەویچ  دەخوات...
لە ژێر هەناسە برکێی  ئەو حەشاماتەدا کچوکورێکی
قژ زەرد بە دیار ئەو دیمەنەوە  ***ڤۆلیۆنیان*** دەژەنی و
باسیان لە مردنی عیشق دەکرد , لە دەریاچەی بەجعەکانی
***چایکۆفسکی*** دا.... ئەوەی بەلاشیاندا رادەبوری
توانای  بەخشینی  هەناسە هەلکێشانێکی نەبوو..

من  بە دوای ئەندێشەیەکەوە بووم کە بمگەیێنێتە
ئێوارانی  خەیابانی  شیعرو  لە وێ  , لە گەل کچە
شەرمۆکەکانی  ووشەدا  بە باوەشێک  هەناسەوە ؛ خۆم

تێکەڵی ئەو حوزنە بکەم کە چرۆی لە خوێنیاندا
پشکوتووە ...
لە پر سێبەرێک.. باوەش بە لاشەی مردوی نیگاکانمدا
دەکاتو هەموو ئاگایم لێ زەوت دەکا..
ئەوە سێبەری ***پالاسی پارە حەشار دراوەکەی دنیایە***, ⁎
لە و ***پالاسەدا*** , هیواکان زیندانن
لەو ***پالاسەدا***, خەونەکان ژەنگ گرتوونی
لەو ***پالاسەدا***, پێکەنینەکان شەر لەگەل جەستەی مردووی
خۆیاندا دەکەن
لەو ***پالاسەدا***, ئومێدەکان لە هەناسە سواریدا خەریکە گیان دەدەن
لەو ***پالاسەدا*** , هێزوو رەنج و خوێن مەزاد دەکرێ
لەو ***پالاسەدا***, رەنگەکان.. رەگەکان.. شیتەل دەکرێن و
دەکرێن بە ***دوایین داهێنانی تەکەنۆلۆژی***
لەو ***پالاسەدا*** , قەدەری پارچە پارچە کردنی زەوی
لە خەزێنەیەک دایەو بە خەتێکی رەش لە سەری نوسراوە
دیاریەکەی (***ئەنیشتاین***)..

⁎⁎⁎ ⁎⁎⁎ ⁎⁎⁎

هێدی هێدی بەدەم خۆشبەختیەکانی ئەو شەقامەوە
هەنگاو بەرەو وێستگەی شەمندەفەرو شەقامەکەی راستە رێی بەردەمم هەلدێنم ؛ کە
دەمگەیێنێتە ناو
شەقامی سەماکەرە سۆزانیەکان و
دنیا پر لە جوانیەکەی ئەو هەموو کچ و کورانەی
کە بە ئومێدەوە باوەش دەکەن بە خەمەکانی یەکتریداو
لەگەل جوڵەی هەر سەمایەکدا کەناریەکانی
ناو قەفەسی شەقامەکەی ئەو بەر بێگیان دەکەنو
دەیانخەنەوە خەمگینیەکی درێژخایەن...
ئێرەش ***شەقامە درێژەکەیە***⁎
کە رێدەکەی, بە درێژایی شەقامەکە هەست بە هەراسانی دەکەی , سەیری ئەوە ***رەشێکە*** بە
دەست چوار کەسی
پۆلیسەوە... مرۆڤ گومان لەخۆی دەکات
کە بە کەس بلێی هێی.. ئەگەر بە سیلەی چاویشت سەیری
بازارەکان بکەی لات وایە بە دواتەوەن و دەیانەوێ دەستگیرت کەن...
بۆنی عەترو
لێوی ئالو و

www.kurdistannet.org

پیاسەی مەستی ئرەم دەویٚ.... لە پر؛ بە سەر دوو لاشەی
سربوو؛ کە لە ژێر یەکێک لە سێبەرەکانی ئەو پردەدا
را کشا بوون و هەر یەکەشیان چەپکێک گوڵی سورباوی لە دەستدابو و دەیانهەویست بیفرۆشن و
پارەکەشی بدەن بە قەترەیەک کامەرانی.. بەلایاندا
رەتبومو تێر بە دەممەوە پێکەنین و لە دوایشدا بە دەنگێکی نوساوەوە پێیان گووتم .. هاوریٚ
ئەوەی مالی لێونبووە.. دەتوانیٚ بێتە ئەو مالەی ئێمەوە...
سەرێکم باداو تێم گەیاندن کە ئێوە دەتوانن جوانتر لە
نەورەس بفرنو ئازاتر لەویش یاخی ببن..
ئەریٚ گولیٚ خواکەی گولیٚ
چ زوو لە باخانم نەمای...
بە دەم گوتنەوەی ئەو گۆرانیەوە
هەستم دەکرد بەرە بەرە
تێکەل بە هەموو ئەو ژنانە دەبووم کە خۆیان بۆ نمایش رازاندبۆوە, نمایشی ئەزیا نالێم.. بەلکو مەبەستم
نمایش بۆ بە دەست هێنانی نانێک کە لە ژورەکانی شەهوەتدا زیندانە...
**سالی** .. **هۆی** .. **کۆم بێبی**.. ئەو کچە پانزە سالە کە رەنگی هەموو شتە جوانەکانی ئەو
کەینونەی لە روخساریدا هەلگرتووە , بانگم دەکاتو گەرەکیەتی منی
سەرمەست بە خەونەکانی خەلکی ئامریکای لاتین
ئاشنا کات..لە گەل هەموو خەندەیەکیدا
فریشتە پاسەوانەکانی سەر شانیم دەبینی و بە دزیەوە
دەیانەویست ماچی بکەن..
نەسیمەکەی سەردی پایزی چ بیٚ رەحمی
چ رەنگ زەردی.. ئیتر نا پرسی بەم حالە. هەزاران......
لە ناکاو دەهاتوە بیرم
کە لە بەردەم ***ماکدونالدزەکەدا*** پیرە پیاوە قاچ شکاوەکە
ئێستا لەوێیەو خەریکی ژەنینی خەمەکانیەتی و
شمشالەکەی وەکو ئەو کچە بەرازیلیانە ماندو و وەرەسی ئەو زەمەنە شەهوانیەیە..
کچۆلەکان لەگەل رەزا قورسیی پیاوە بەراز ئاساکان و
شمشالەکەش لەبەر دەرچوونی ئەو نۆتانەی کە کۆچ دەکەن و ئیتر ناگەرێنەوەگەرووی ئەو
حوزنە ئەبەدیەی پیرەپیاوی پەنابەر...
کە بە لایدا تێپەریم ؛ ویستی ئیشارەتێک بکاو پێم بلیٚ

www.kurdistannet.org

من تەنها لەگەل سەمای ئەو کیژە سۆزفرۆشانەدا دەکەومە ژەنینو هەناسەکانیشم بەدیاری ئاوێتەی
هەستی کرێکارەکانی ئەو ***ماکدۆنالدزە*** دەکەم کە لە رەحمی نانێک بێ بەشن..
لە ئاپارتمانە زەرد داگەراوەکەی بەرامبەرم کە دەکەوێتە چەقی درێژایی شەقامەکە؛
چەند پیرەژنێک کە لە سێبەری بالکۆنەکەیاندا خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەکان بوون دەیانهەویست,
بە دزیەوە پێبکەنن و هەوالەکانی ئەو رۆژە فرێدەنە بەر پێی سەما کەرە رەشپێستەکان..
هەستم کرد لێرەوە بەرەو دوایین چرکەکانی ئەو دیرۆکە دەفرم ؛ کە نیازمە
بە ئارامی لە سەر پەنجەرەکانی بنیشمەوەو ئیدی
نەگەرێمەوە بۆ ئەو سەرسامیەی کە لە سپێدەیەکی رەنگکوژراودا لە خۆیم لول دەدات بۆ کامەرانی
ئەو شەقامانەی کە خەونەکانمان لە بیاباندا
بە تەنهایی جێدەهێلێن..

سویسرا_ ٢٠٠٢

**⁎یەکێک لە بەناوبانگترین شەقامی دنیاو ئەو جێگایەی کە زۆرینەی سەرمایەی دنیای تێدا حەشار دراوە, هەمیشەش پرە لە خەلکی بەناو بانگو سەرمایە داری دنیاکە نمونەکانیان ئاماژە پێکراوە.**

**⁎ مەیدانێکە هەر لەو شەقامەدا کە چوار دەوری بانکەو بە مانای مەیدانی بەهەشت دێت.**

**⁎ ریزی ئاپارتمانەکانی یەکێتی بانکی سویسرا.**

**⁎ شەقامێکە پێکهاتەی خەلکەکەی , سۆزانی و خەلکی هەژار و تریاک خۆرو پریەتی لە سەماگەی جۆراو جۆر , کە هەمووی چەند سەدمەترێک لە شەقامی ویستگەوە دورە؛ هەمیشەش بە پولیس تەندراوە...**

www.kurdistannet.org